سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی كوردستان

# پرۆژەی چاكسازی لە دەسەڵاتی هەرێمی كوردستاندا


ئامادەكردنی پەرلەمانتار

ئەندازیار عمر عنایت حمە سعید



RC - KRI/RPT # 006 - 2015

# پڕۆژەی چاکسازی

# لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا

ئامادەکردنی پەرلەمانتار

ئەندازیار عمر عنایت حمە سعید

## ناوەڕۆک

پێشەکی ............ ٣
گرفت و خاڵی لێوەدەرچوون ............ ٥
کەرتی گشتی ............ ٨
یەکەم: دامەزراندنی کاتی ............ ٨
دووەم: کارمەندی بن دیوار ............ ٩
سێهەم: پلە تایبەتەکان و پۆستە داتاشراوەکان ............ ١٠
چاکسازی ئیداری و دارایی ............ ١١
دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری (پارلەمانی کوردستان ئەنجومەنی پارێزگاکان ............ ١٧
کەرتی تایبەت ............ ٢٠
پرۆژەکانی وەبەرهێنان و کێشەی نیشتەجێبوون ............ ٢١
پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ............ ٢٢
بواری نەوت ............ ٢٥
هێزە چەکدارەکان: پێشمەرگە، ناوخۆ، ئاسایش ............ ٢٦
بواری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ............ ٢٧
کەرتی تەندروستی ............ ٢٩

ئاشتییانە و دیمۆکراتییانەی دەسەڵات؛ ٢) بیناسازی نەتەوەیی و بیناسازی نیشتمانی و دەوڵەتداری؛ ٣) بەردەوامی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی.

خاڵی هەرە دوایی لەم سێ پرۆسەیە گرنگیی تایبەتی هەیە، کاتێک دەزانین شەڕێکی سەپێنراو و رزگارکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی بەردەوامی هەیە. ئەمەش گرنگیی دوو شت دەردەخەن: یەکەمیان، جەختکردنەوەی ئەو پێداویستی و بەهانەیەی کە بەردەوام باسکراوە، ئەویش زەروورەتی بوونی هێزێکی چەکداری یەکبووی نیشتمانی و بەدامەزراوکراوە. دامەزراوەیەک کە تەنها و تەنها ئینتیمای بۆ نیشتمان هەبێت؛ ٢) لە لایەکی ترەوە، مەترسی ئەوەی کە لە بەردەوامی حاڵەتی رزگاریخوازی و شەڕ و پێکدادانداندا جارێکی تر **رەوایەتی شۆڕشگێڕی** زیندوبکرێتەوە و بکرێ بە بەهانە و رێگر لە بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنان و توکمەکردنی **رەواییەتی دیمۆکراسی**. نوێبونەوەی رەواییەتی شۆڕشگێڕی رێگرە لەبەردەم راگوزەری سروشتی و ئاسایی رەواییەتی دیمۆکراسی.

ئەم پرۆژەیەی بەردەست لە نووسین و ئامادەکردنی پەرلەمانتار بەڕێز (عمر عنایت)ە. سەنتەری توێژینەوە، بە دەستکارییەکی زۆر کەمەوە، تەنها لە رووی فۆرم و شکلەوە، هەڵساوە بە چاپکردنی پرۆژەکە و خستنە بەردەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. لەگەڵ ئەوەشی کە سەنتەری توێژینەوە هەندێ گۆڕانگاری کەمی لە رووی فۆرمەوە کردووە، بەڵام تەواوی دەقەکە و وردەکارییەکانی وەک پێویست نەگونجێندراون لەگەڵ تەواوی ستاندارد و پێوەرەکانی سەنتەری توێژینەوە بۆ نووسینی راپۆرت و توێژینەوە.

**سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان**

**ئۆکتۆبەری ٢٠١٥**

تایبەتەوە بەڕێوە دەچێت)، خزمەتگوزاری تەندروستی و دابینکردنی دەرمان، حکومەتی هەرێم هیچ دامەزراوە و کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی نیە و ئەکرێت حکومەتی هەرێم بە رێکخراوێکی تێکەڵ لە خێرخوازی و خزمەتگوزاری بچوێنین، بە فەرمانی بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و بەدر لە یاسا و رێسا کارپێکراوەکان و کارگەکان و موڵک و زەویە گرانبەهاکانی فرۆشراوە یان بە (مساطحە)ی درێژخایەن دراوە بە کەسانی دەسرۆیشتوی ناو حیزبەکان یان کەسانی سێبەری بەرپرسانی حیزبەکان (بۆ نمونە فرگەی سلێمانی، کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە، کارگەی جگەرەی هەولێر، کارگەی ئەلبیسەی سلێمانی)، ئێستا ئێمە حکومەتێکی مایە پوچمان هەیە، کەسانێکیش کە لە سایەی ئەم حکومەتەدا دەوڵەمەندبوون و بەهۆی داگیرکردنی زەوی و خانوو کارگە و سەرچاوە سروشتیەکان و قۆرغکردنی گرێبەستە هەستیارەکان، و قۆرغکردنی بازرگانی جگەرە و دەرمان و زۆربەی هاوردەو نێردەکان و تۆڕەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت، بوونە ملیاردێر و ملیۆنێر و کۆمپانیای زەبەلاح بە تایبەت لە بواری نەوت و بواری نیشتەجێدا.

لە کوردستان ٥٧٦٥ کۆمپانیای خۆماڵی و ١٤٦١ کۆمپانیای بیانی تۆمارکراوە، جگە لە نوسینگەکان و ئەو بەڵێندەرانەی کە کۆمپانیایان تۆمار نەکردوە، لە کاتێکدا زۆربەی ئەرکەکانی حکومەت دراوەتە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت. بەڵام ئەم کۆمپانیایانە نەیانتوانیوە وەک پێویست بچنە ژێر باری قەیرانی دارایی هەرێم و کەمێک لە باری سەرشانی حکومەتی هەرێم کەمبکەنەوە، ئیشی سەرەکیان (بەتایبەت کۆمپانیا بیانیەکان) هەڵلوشینی سەروەت و سامانی ئەم هەرێمە بووە، تەنانەت وەک پێویست دەستی کاری ئەم هەرێمەیان بەگەرنەخستووە لە بەڕێوەچوونی کارەکانیاندا و پەنایان بۆ دەستی کاری بیانی بردوە، سەرنجی کۆمپانیای ئاسیا سێڵ و کۆرەک تیلیکۆم و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ بدەن زیاتر لە نیوەی کارمەندەکانیان بیانین. سەرباری ئەوەش سیستمێکی وا نیە کە بەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا بسەپێنێ و رێژەی کارمەندی هەمیشەیی و کارمەندی خۆماڵی دیاری بکات. راستە لەبواری تەکنۆلۆجیای پەیوەندیەکاندا تاکی کورد بە پێی پێویست شارەزا نیە بەڵام لە بواری بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ تاکی کورد ئەزمونی ٥٠ ساڵەی هەیە لەگەڵ هەردوو کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە و سەرچنار و بۆ بواری تەکنۆلجیای پەیوەندیەکان ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە دەرچوانی ئەم بوارە بێکارن و دەکرێت بە دامەزراندیان یان بەشداری پێکردنیان لە خولی تایبەت بەو بوارەدا ئەم بۆشاییانە پڕبکەنەوە پەنا بۆ کۆچ نەبەن، ئێستا لاوانی لوبنان و میسر و وڵاتانی جنوبی شرقی ئاسیا لە کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینەرنێت و چیمەنتۆ و ئاسن و خشت کاردەکەن و لاوانی کوردستانیش کۆچ دەکەن.

ئەزمونەکانی دی لە کوردستاندا بۆچونی خۆیانی بخەنە سەر بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی پارلەمان و حکومەت دەس بە چاکسازی بنەڕەتی بکەن و ئەم پرۆژەیەی بەندەش ملۆیەک بێت و بچێتە سەر خەرمانی ئەو پرۆژانەی کە دڵسۆزانی ئەم وڵاتە ئەیخەنە بەردەستتان، من بێگومانم هەموو بوارەکان و پێچ و پەنا و برینەکانی ئەو دەردە کوشندانەم نەپێکاوە کە تووشی جەستەی ئەم هەرێمە بووە بەڵام بێگومانیشم ئەگەر ئەم چاکسازیانە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت ئەنجامەکەی زۆر ئەرێنی ئەبێ لەسەر پیادەکردنی دادپەروەری و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و سنوردانان بۆ هەلپەرستان و پاراستنی بودجەی گشتی بۆ بەرژەوەندی گشتی.

## کەرتی گشتی

### یەکەم: دامەزراندنی کاتی

١- لە هەرێمدا ٦٨٢٠٠٠ کارمەند هەیە لە کۆی ٥،٥ ملیۆن کەس واتە بۆ هەر ٨ کەس یەک کارمەند هەیە، بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە حکومەتی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ پرۆسەی دامەزراندن لە دامودەزگا فەرمیەکاندا راگیراوە، بەڵام بە پێی بەدواداچونەکانی من وەک ئەندامی پارلەمان، ماوەی چەند ساڵە و بەم ساڵیشەوە زۆربەی فەرمانگەکانی سەر بە حکومەت سەرقاڵی دامەزراندنی کارمەندن بە شێوەی گرێبەست، ئەم دامەزراندنە جێگای ئەو پرۆسەیەی گرتوەتەوە کە پێشتر لە رێگای فەرمانگەی ئامار، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتەی جوگرافی و سی ڤی دەکرا، ئێستا هەر سەرۆکی فەرمانگەیەک یان بەڕێوەبەرە، بە پەنا بردنە بەر رێنمایی ژمارە ٣٩ ی رۆژی ٢٠١٣/١١/١٢ وەزارەتی دارایی کارمەند بە گرێبەست دادەمەزرێنێ بە بێ رەچاوی شەهادە و ئەزمون و سی ڤی، لە کاتێکدا فەرمانگەکان خۆیان پڕن لە کارمەند و لێیان دەڕژێ و دەرگای دامەزراندن لەسەر خاوەن بڕوانامە و دەرچوی کۆلیجەکان داخراوە بەڵام پەنجەرەی دامەزراندن لەسەر بنەمای حیزبی و خزمی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان.

زۆربەی ئەوانەی بە گرێبەست دادەمەزرێن کارمەندی خاوەن بڕوانامەی نزمن و دەکرێنە کارمەندی پشتی مێز و شاراوەش نیە کارمەندەکانی پشتی مێز چەندە زیاتر لە ئاستی پێویست هەیە، گرێبەست بۆ کەسێکە کە زۆر پێویست بێت و لە فەرمانگەکەدا لەو پسپۆڕیە نەبێت یان کاری بەردەوامیان بەو کەسە هەبێت؟ لە کاتێکدا ٦٠%ی کارمەندانی حکومەت زیادن، دامەزراندن بە گرێبەست مانای نامێنێ ، بەهۆی خزم خزمێنە و حیزبایەتیە ، بە بەکارهێنانی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٣ لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥دا هەزاران کەس بەگرێبەست دامەزراون. تەنها لە یەک بەڕێوەبەرایەتیدا ٥٠ کەس دامەزراوە بە گرێبەست ٥٠ کەس بووەتە هەمیشەیی، بە بیانوی ئەوەی کە ژمارەیەک کارمەند

**نمونەی دووەم:**

حەوت سەد (٧٠٠) کارمەندی بندیوار نێردراون بۆ خەزێنەی ٢ لە سلێمانی، ئەم فەرمانگەیە خۆی ٢٥%ی کارمەندەکانی زیادەن، داوای امتیازات و ژور و دەرماڵەیان کردوە یان دەوامنەکردن و وەرگرتنی موچە، بەڕێوەبەری ئەم فەرمانگەیە پێی ڕاگەیاندون، کە ئەوان لە توانایاندا نیە ئەو هەموو کارمەندە وەربگرێ و ناشتوانێ شوێن و ئیمتیازاتیان بۆ دابینبکات، بۆیە پاش ماوەیەک لەم وەڵامە هێرشیان کردوەتە سەر فەرمانگەکە و لە پۆلیسەکانیان داوە و دەرگا و پەنجەرەیان شکاندوە.

**سێهەم: پلە تایبەتەکان و پۆستە داتاشراوەکان**

لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ٣٠ وەزارەت و دەستە هەیە و هیچ وەزارەتێک نیە کەمتر لە ٥ بەڕیوەبەرایەتی گشتی هەبێت لەناو وەزارەتدا، جگە لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پارێزگاکان، بە شێوەیەک کە هەر وەزارەتێک بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی لە هەموو پارێزگاکاندا هەیە بەمەش زیاتر لە ١٨٠ بەڕێوەبەری گشتی لە هەرسێ پارێزگای کوردستان و بۆ پارێزگای هەڵەبجەش بە پێی ژمارەی وەزارەتەکان یان کەمتر بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکرێتەوە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیانیش چەند بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە. لە ڕاستیدا کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە پارێزگاکاندا و تەنانەت لە ناو خودی وەزارەتەکاندا داتاشینی پۆستە بۆ ئەندامانی دیاری حیزبەکان و کەسانی دەسرۆیشتوی هەرێم و ڕازیکردنیان وەک پشکپشکێنی حیزبی (محاصصە)، یان ڕونتر بڵێین زۆربەی ئەم پۆستانە لەسەر بنەمای پەیداکردنی کار و پۆستە بۆ کەسەکان، نەک گەڕان بەدوای کەسەکان بۆ پۆستەکان.

ئەم دیاردەیە دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە زەق بویەوە کاتێک یەکیەتی بۆ ڕازیکردنی دانیشتوانی ناوچەی سەوز داوای مانەوەی هەندێ بەڕێوەبەری گشتی کرد لە سنوری ناوچەی سەوزی ئەودەمە و دواتر ئەمە بووە نەریت و بێ دراسەکردن لە پارێزگای هەولێر و دهۆک و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان جێبەجێکرا و بۆ هەڵەبجەش لە پلانی حکومەتدایە.

بە درێژایی مێژوی حکومەتی عێراق بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە پارێزگاکان نەبووە و تەنها بەڕیوەبەرایەتی هەبووە بەڵام دەسەڵاتیان لەم بەڕیوەبەرایەتیە گشتیەی ئێستای حکومەتی هەرێم زیاتر بووە، گرنگ دەسەڵاتەکە بووە نەک پۆستەکە، لەسەرتاسەری عێراقدا یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی (پەروەردە، پۆلیس، ئاودێری و بەنداوەکان، کشتوکاڵ، شارەوانیەکان، ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە و ڕێگاوبان، گواستنەوە و گەیاندن، ئەوقاف، خوێندنی باڵا... هتد) هەبووە ئەویش لە بەغدا بووە، تەنانەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی

هەڵوەشانەوەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان ناساندنیان وەک بەڕێوەبەرایەتی بەڵام دەسەڵاتەکانیان زیاد بکرێت، بە تایبەت دەسەڵاتی خەرجکردن.

٢- کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان. بۆ نمونە، یەکخستنی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە یەک وەزارەتدا و دانانی دوو جێگر یەکێک بۆ خوێندنی باڵا و یەکێک بۆ پەروەردە، یەکخستنەوەی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە بەناوی (وەزارەتی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە)، یەکخستنەوەی وەزارەتی پیشەسازی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی کارەب لە یەک وەزارەتدا بەناوی (وەزارەتی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتیەکان) یەکخستنی دەستەی وەبەرهێنان و دەستەی گەشت و گوزار. بەناوی (دەستەی وەبەرهێنان)... هتد.

٣- کەمکردنەوەی ژمارەی راوێژکارو شارەزاکان بۆ هەرسێ سەرۆکایەتیەکە بە شێوەیەک لە هیچ سەرۆکایەتیەک ١٠ راوێژکار و ٥ شارەزا زیاتر نەبێت من لێرەوە دەپرسم پارلەمان ٧٠ راوێژکار و شارەزای بۆ چییە؟ ئەکرێت بپرسین بەرهەمەکانیان چیە؟یان ئەوانەی حکومەت سەرۆکایەتی هەرێم.

٤- دامەزراندنی وەزیر و پارلەمانتار وەکیل وەزیر و بەڕێوەبەرەگشتی و راوێژکارە خانەنشینەکان بە شێوەی گرێبەست لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە بووەتە دیاردە و بەشێوەیەک گرێبەستیان بۆ رێکدەخرێ کە مووچەکەیان لە مووچەی خانەنشینەکەیان زیاترە و پێویستە هەر سێ دەسەڵاتەکە کۆتایی بەم دیاردەیە بهێنن و بیاننێرنە ماڵەوە.

٥- یاسای خانەنشین هەموار بکرێتەوە بە شێوەیەک هیچ خانەنشینێک مووچەکەی لە ٣٠٠٠٠٠ دینار کەمتر نەبێت ئەگەر تەنها بەرپرس بوو لە بەخێوکردنی خۆی و بۆ هەرکەسێک کە لە سایەی ئەودا دەژی ٧٥٠٠٠ دینار زیاد بکرێت (کارکردن بە یاسای خانەنشینی لە عێراق باشترین چارەسەرە).

٦- لە کاتێکدا زۆربەی کارەکانی فەرمانگەکان لە رێگای کەرتی تایبەتەوە ئەنجام ئەدرێن کەچی ژمارەی کارمەندانی دەوڵەت تا دێ زیاد ئەکات ئەم دژە یەکە کاتێک ئەرکی فەرمانگەکان کەمدەبێتەوە پێویستە ژمارەی کارمەندەکانیشی کەمبکات بۆ نمونە لە وەزارەتی شارەوانی ( زۆربەی پڕۆژەکانی لە رێگای کۆمپانیاکانەوە دیزاین ئەکرێت هەموو پڕۆژەکان کەرتی تایبەت جێبەجێی دەکات، پاککردنەوەی شارەکان لە خۆڵ و خاشاک لە ئەستۆی کەرتی تایبەتدایە، زۆربەی پڕۆژەکانی ئاو کەرتی تایبەت بەگەڕییاندەخات (تشغیل)، پارک و باخچە بلوارەکانی شار بەدەست کەرتی تایبەتەوەیە، بەڵام ژمارەی کارمەندانی ئەم وەزارەتە لە (٢٨٠٠٠) وە بۆ ساڵی ٢٠١٠ کە پاککردنەوە لە ئەستۆی شارەوانی بووە زیادی کردوە بۆ (٤٢٠٠٠) لە ساڵی ٢٠١٥، بۆیە گرنگە حکومەت بیر لە بژارکردنی کارمەندانی دەوڵەت کە ژمارەیان ٦٨٢٠٠٠ کارمەندە بکاتەوە. سەرنج بدەن

کەرتی گشتی یان کەرتی تایبەت، یان کارێکی تایبەت بەخۆیان پەید دەکەن

خ- بڕینەوی موچەیەکی مانگانە لە ١٥٠٠٠٠ دینار کەمتر نەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ٦٥ ساڵ تێپەڕیوە و هیچ کارێکیان نیە و مووچەی خانەنشینیشیان نیە

د- بەرزکرنەوەی مووچەی کارمەندەکانی حکومەت بە شێوەیەک کە مووچە ی هیچ کارمەندێک لە ٦٠٠٠٠٠ کەمتر نەبێت و دەرماڵەی هاوسەر و منداڵ و دەرماڵەی پیشەیی هەبێت بە پێی ڕێنمایی دارایی، نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا بۆ هیچ پۆستێک دەرماڵە لە مووچەی بنەڕەتی زیاتربێت.

ژ- بژارکردنی سەرجەم خانەنیشەکانی هەرێم بە سەربازی و مەدەنیەوە لە رووی دوو مووچەیی، خانەنشینی نایاسایی، خانەنشینکردن بە پلەی بەرزتر لەو پلەیەی خۆی کە هەیبووە، پەیوەستکردنی هەموو خانەنشینەکانی هەرێم بە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینیەکان.

ر- کردنەوەی سندوقی خانەنشین و هاوکاریکردنی (دعم) و پێدانی سەربەخۆیی بەم سندوقە دەسبردن بۆ پارەی ئەم سندوقە ببێتە هێڵی سوور لەلایەن هەرکەسێک و لەهەر لە هەر پلەیەک و لە هەر بارودۆخێکدا بێت.

ز- دانانی سیستمێک بۆ دابەشکردنی مووچەی خانەنشینان، بەشێوەیەک کە بە ئاسانی و بە شێوەیەک کە حورمەتی خانەنشینەکان پارێزراو بێت و بە ئاسانی مووچەکە بگاتە دەستیان. ئێستا مووچەکانیان بە شێوەیەک وەردەگرن کە مرۆڤ شەرمدەکات بەم شێوەیە مووچەی ئەو کەسانەی کە پێشتر ئەم هەرێمەیان بەڕێوەبردوە ئاوا خەرجبکرێت.

س- لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٦ و دواتر پێکهێنانی حکومەتی (بنکە فراوان) لە ساڵی ٢٠١٤ و لابرانی هەندێ بەرپرس وەک سزا، ژمارەیەکی زۆر لە وەزیر و وەکیل وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و قائیمەقام و بەڕێوەبەری ناحیە و سەرۆک شارەوانی بێکار بوون و پێیان دەڵێن (معوم) بەشێوەیەکی پەراکەندە لە فەرمانگەکانی حکومەتدان و هەر رۆژەی لە فەرمانگەیەک و هەر سەعاتەی لە ژورێکن، پێویستەچارە بۆ ئەمانە بدۆزرێتەوە یان کاریان پێبدرێت بەپێی پسپۆڕی خۆیان یان خانەنشین بکرێن.

ش- بەهۆی کەمی کادر و نەبونی سزایەکی رک (رادع) زۆرێک لە کۆمپانیا و خاوەن کارگە و فەرمانگەکان و خاوەن دوکان و هاوڵاتیان پارەی کارەبا و ئاو وەک پێویست نادەن بە پێی زانیاریەکانی ئێمە تا ئێستا ٥٠ ملیار دینار پارەی ئاو لای هاوڵاتیان و کۆمپانیا و دامەزراوەکان ماوە و وەرنەگیراوە، پێویستە وەزارەتی شارەوانی، بە ڕێنماییەک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە کار لەسەر وەرگرتن (تحقق)ی ئەم پارانە بکەن و سڵ لە هیچ کەس و بەر پرسێک و کۆمپانیا و فەرمانگەیەک نەکەنەوە بۆ وەرگرتنی پارەی ئاو ئاوەڕۆ و کارەبا و فڕێدانی خۆڵ و خاشاک. لە راستیدا تا ئێستا کرێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاک

٥- وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن٢ شۆفێر و دوو ئۆتۆمبێل و ٤ پاسەوان.
٦- وەزیرە بێ وەزارەتەکان یەک ئۆتۆمبێل و یەک شۆفێر و ٣ پاسەوان.
٧- جێگر وەزیرەکان یەک ئۆتۆمبێل و یەک شۆفێر و یەک پاسەوان.
٨- بەڕێوەبەرە گشتیەکان یەک ئۆتۆمبێل و یەک شۆفێر.
٩- جێگری بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان یەک ئۆتۆمبێل یەک شۆفێر.
١٠- بەبێ هۆکاری فەرمی و پێویست بۆ ئەرکێک یان جێبەجێکردنی پرۆژە نەبێت ئۆتۆمبێلی حکومەت بەکارنەیەت.

١١- هێنان و بردنی کارمەندان لە ماڵەوە بۆ فەرمانگەکان و بە پێچەوانەوە بە ئۆتۆمبێلی حکومەت بوەستێنرێ، تەنها بۆ ئەو فەرمانبەرانە نەبێت کە بۆ پێشدەوامی ئاسایی ئەچنە سەر پرۆژەکان یان شاند ئەکرێن.

١٢- فرۆشتنی ئەو ئامێر و ئۆتۆمبێلانەی کە زیادن بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا.

غ- کەمکردنەوەی مووچەی پلە بەرزەکان و بەرزکردنەوەی موچە پلە نزمەکان بە شێوەیەک ڕێژەی زۆرترین لەچاو کەمترین مووچە لە ١:١٠ تێپەڕنەکات، بەسود وەگرتن لەم سێ بنەمایە: سەبەتەی بەکاربەر، هەڵاوسان، گرانی بازاڕ (سله المستهلك، التضخم، غلاء المعيشه)، بە سود وەرگرتن لەو هەنگاوەی حکومەتی ناوەند ناویەتی بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پلە باڵاکان و بەرزکردنەوەی مووچەی پلە نزمەکان، بە ڕەچاوکردنی بڕوانامە و ئەزمون و تەمەن و ساڵانی خزمەت، ناکرێت کەسێک لەسەر مێزی خوێندنگا یان کۆلیجەکەیەوە کرابێتە وەزیر لەگەڵ کەسێکی تەکنۆکرات یەک حسابیان لەسەر بکرێت لە بواری وەرگرتنی مووچەدا.

ف- ڕاگرتنی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی تاکسی و تایبەت بە شێوەیەکی یەکجاری تا ڕەوانەوەی قەیرانی دارایی.

ق- سنوردارکردنی گەشتەکانی دەرەوە و ڕێگرتن لەو کەسانەی کە بە مەبەستی گەشتیاری سەفەر دەکەن، چونکە ئەمانە هەریەکەیان بە هەزارەها دۆلاری ئەم هەرێمە دەبنە دەرەوە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکاریگەری لەسەر سەرمایەی ئەم وڵاتە دروستدەکان.

ک- سنوردارکردن و مەرجدارکردنی سەفەری حەج و عەمرەی هاوڵاتیانی هەرێم (بەهۆی سەفەری عەمرەو حەجەوە ساڵانە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری سەرمایەی ئەم هەرێمە دەچێتە گیرفانی کۆمپانیا ناوخۆییەکان و سعودیەکان)، ڕێگە بە هیچ کەس نەدرێت لە یەک جار زیاتر حەج یان عەمرە بکات، ئەوانەی لە یەک جار زیاتر نیازی حەج یان عەمرەیان هەیە دوو ملیۆن دینار بخنە سەر حسابی وەزارەتی دارایی یان وەزارەتی پێشمەرگە و شەهیدان و ئەنفال.

پارلەمانتار)، ٧٠ کارمەندیان بە پلەی راوێژکاری أ و راوێژکار و شارەزان، لەناو راوێژکارەکاندا دەرچوی ئامادەیی تێدایە، زۆربەی ئەم کارمەندانە لە خولەکانی پێشودا پلەی وەزیفیان وەرگرتوە بەبێ رەچاوی (الوصفه الوضیفیه) بووە، لەسەرەتای خولی چوارەمەوە بە نوسراو داوام لە سەرۆکی پارلەمان کرد، بۆ ئەوەی هەڵەی خولەکانی پێشوو دوبارە نەکاتەوە و هیچ کەس دانەمەزرێنێ بە پێی پێویست و بە پێی ساڵی خزمەت و بڕوانامە نەبێت، بەڵام بەداخەوە هەمان هەڵە دووبارە بویەوە و لەماوەی کەمتر لە ٢ ساڵی تەمەنی پارلەماندا تا ئێستا ١٢٠ کارمەند دامەزراوە و ژمارەیەکی بەرچاویان بە پلەی راوێژکاری (أ) و راوێژکار و شارەزان، کەواتە لە ماوەی ٢ ساڵدا ٢٠%ی کۆی گشتی کارمەندەکان دامەزراون.

بەهۆی زۆری دەرماڵە و گوژمە پارەیەک بەناوی هاوکاری کە مانگانە دەدرێت بە کارمەندەکان، ویستی دامەزراندن و گواستنەوەی راژە بۆ ئەم دامەزراوەیە زۆرە، لە خولی سێهەمی پارلەماندا گوژمەی ١٠ ملیۆن دۆلار بەقەرز دراوە بە کارمەندەکانی بە مەبستی کڕینی خانوو، لای کەمی قەرزەکە ٨٠٠٠٠ دۆلار بووە و لای زۆری ١٦٠٠٠٠ دۆلار بووە، ئالێرەدا پارلەمان جێگای بانکی خانوبەرە و سندوقی نیشتەجێ گرتووەتەوە بەڵام بە قەبارەیەکی زەبەلاحتر، فەرمانبەرەکان پاش ئەوەی قەرزەکەیان وەرگرتووە نەیانتوانیوە وەک پێویست قەرزەکە بدەنەوە، سەرۆکی پارلەمانی خولی سێهەم بۆ دەربازبوون لەم هەڵەیە، مانگانە گوژمە پارەیەکی بۆ ئەو کارمەنداتە بڕیوەتەوە بەناوی هاوکاری لە نێوان ٦١٠٠٠٠ دینارەوەیە بۆ ١٠٦٠٠٠٠ دینار، بە بپێشتبەستن بە رێنماییە داراییەکان، ئەم هاوکاریە بەردەوامە و دراوە بەو کارمەندانەی کە قەرزیشیان وەرنەگرتوە و بەوانەش دوای پێدانی ئەو قەرزە دامەزراون، بەوانەی لە خولی چوارەمیشدا دامەزراون، ئێمە لە سەرتاوە داوامانکرد لە سەرۆکی پارلەمان کە ئەم کێشەیە حەلبکات بەڵام دەستی بۆ نەبرد و مایەوە.

لە ژێر فشاری خەڵکدا ئەندامانی پارلەمانی خولی چوارەم بێبەشکران لەوەی ئۆتۆمبێلی پارلەمانیان لابێت و دوای خولەکەش ئیعادەی بکەنەوە بەڵام هەموو راوێژکارەکان ئۆتۆمبێلی پارلەمانیان لایە، ژمارەیەکی بەرچاو لە پارلەمانتارەکانیش ئۆتۆمبێلی پارلەمانیان لایە، سەرۆک و جێگری سەرۆکی پارلەمانیش بەهەمان شێوە ئەمەش جۆرێک لە نادادی و دووفاقی سەرۆکایەتی پارلەمانی پێوە دیارە، پارلەمان پێویستە ناوماڵی خۆی پاک بکاتەوە ئەوکاتە دەسبەگسکدانی دەرەوەی خۆی بکات بەم شێوەیە:

أ- هەمواری یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە شێوەیەک هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا نوێنەری ٨٠٠٠٠ دەنگدەر بێت و لە هیچ حاڵەتێکدا لە ١٥ ئەندام زیاتر نەبێت.

بواری پێویستدا) یەک ئۆتۆمبێل و یەک شۆفێر؛ ٧) بەڕێوەبەرەکان یەک شۆفێر و یەک ئۆتۆمبێل.

## کەرتی تایبەت

أ- داوا لە سەرجەم کارگە و کۆمپانیا و نوسینگەکانی کەرتی تایبەت بکرێت بۆ ئەوی ناوی چواری گشت کارمەندەکانی بداتە وەزارەتی پلاندانان، بە مەبەستی دیاربونی ناوی ئەو کارمەندانە کە لە کەرتی تایبەت کاردەکەن.

ب- بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکیەتی بەڵێندەران وەزارەتی بازرگانی هەیکەلی ئیداری گشت کۆمپانیاکان دابڕێژرێتەوە بە شێوەیەک لە کۆمپانیای پلە نایابەوە تا کۆمپانیای پلە ١٠ ژمارەی کارمەندە جێگیرەکانی دیاری بکرێت و ڕێگە نەدرێت هیچ کۆمپانیایەک کەمتر لەو ژمارەیە کارمەندی هەبێت بۆ نمونە کۆمپانیای پلە ١٠ پێویستە ئەم کارمەندە هەمیشەییان هەبێت (بەڕێوەبەرێکی ڕێپێدراو، ژمێریارێک، ئیداریەک، کارمەندێکی کۆمپیوتەر، پاسەوانێک، خزمەتگوزرێک) بەم شێوەیە بۆ هەموو پلە باڵاکان زیاتر بکرێت، ئێستا لە کوردستان (١٤٦٠) کۆمپانیای بیانی هەیە، (٥٧٦٥) کۆمپانیای خۆماڵی تۆمارکراو هەیە و بە نوسینگە و خاوەن کۆمپانیاکانەوە هەمووی دەبێتە (١٦٠٠٠) کۆمپانیای جۆراوجۆری خۆماڵی و بیانی بەم شێوەیە ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیان بەبەردەوامی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن و لە ئەستۆی حکومەتدا نامێنن، بۆ نمونە ئەگەر تێکڕای کارمەندانی کۆمپانیایەک ١٠ کارمەندی بەردەوامی بێت ئەوا ١٦٠٠٠٠ کەس لە ئەستۆی حکومەت نامێنێ، سەرباری ئەوەی لە کاتی گرتنە ئەستۆی پرۆژەدا کارمەندی کاتی وەردەگرن.

ت- ناوی سەرجەم ئەو کەسانەی کە پیشەیەکیان هەیە تۆمار بکرێت بۆ نمونە شۆفێری تاکسی، سەرتاش، ئاسنگەر، دارتاش، خاوەنی نوسینگەی فرۆشتنی خانوبەرە، خاوەن دوکانەکان، بازرگان، بەزاز، گۆڕینەوەی دراو، ڕۆنگۆڕ و پەنچەرچی... هتد هەرکەس یەکێک لەم پیشانەی هەبێت ڕێگەی پێنەدرێت کارمەندی حکومەت یان کەرتی تایبەت بێت، سەرنج بدەن ئێستا زۆربەی خاوەن تاکسیەکان لە هەرێم کارمەندی دەوڵەت، پۆلیس یان ئاسایشن و لەگەڵ تەواوبوونی دەوامدا ئەچنە بازاڕ و ئیشی تاکسی ئەکەن و ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر دەسکەوتی ئەوانەی کە بژێویان لەسەر ئیشی تاکسیە، ئەم نمونەیە ڕاستە بۆ هەموو پیشەکانی دی و پێویستە هەر مرۆڤێک لەم هەرێمەدا یەک پیشەی هەبێت بە مەرجێ ئەو پیشەیە ژیانی دابین بکات.

پ- پێدانی قەرزی درێژخایەن و دابینکردنی زەوی یان شوێنی کار بۆ ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ سەربەخۆ کارێک بکەن و مووچەی سۆشیال یان دامەزراندیان ناوێت.

ج- وەرگرتنی پارەی دڵنیایی مانگانە لە کارمەندانی کەرتی تایبەت و پێدانی هەموو ئەو

پ- سندوقێکی تایبەت بە قەرزی خانوبەرە بکرێتەوە و سەربەخۆیی خۆی پارێزراو بێت هیچ کەس و بە هیچ بیانویەک نەتوانێ بۆ ئەو مەبەستەی بۆی دامەزراوە پارەی لێوەرگرێ.

ج- بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم بە دەسبەتاڵی دەرنەچێ لەو پرۆژانەی کە دەیداتە وەبەرهێنەرەکان و لەبەرامبەر زەوی پرۆژەکە و خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەکە و بەخشینی لە باج بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەکرێت حکومەت پشکێکی هەبێت لەم پرۆژانە بە رێژەی ١٠%-٢٥% لە گشت پرۆژەکانی وەبەرهێنان، سەرنج بدەن ئەگەر حکومەت ئەم سیاسەتەی هەبوایە ئێستا لە گشت پرۆژەکانی وەبەرهێنانی کارەبا و چیمەنتۆ و خشت و ئینتەرنێت و مۆبایل بە رێژەیەک هاوبەش دەبوو دەیان هەزار خانوو شوقەشی دەبوو، **(بەڵام بەهۆی بێ پلانی حکومەت سەرمایەدارەکانی ئەمرۆ و موفلیسەکانی دوێنێ هەزارەها خانوو شوقە و ئوتێل و باڵخەنەیان هەیە و حکومەتیش دەسبەتاڵ بووەتە کرێچی ئەوان)،** مانگانەش گوژمەیەک پارەی لە قازانجی ئەو پرۆژانە دەهاتە سەر بودجەی هەرێم.

ح- زۆر گرنگە حکومەتی هەرێم پێداچونەوە بکات بە هەموو ئەو گرێبەستانەدا کە لەگەڵ وەبەرهێنەرەکانی کارەبا و چیمەنتۆ و ئاسن... هتد کراون و پشکی حکومەت جێگیر بکرێت، بۆ نمونە سەرنجی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ بدەن، خاکی ئەم هەرێمە دەکرێتە چیمەنتۆ، سوتەمەنی هەرێم بۆ بەرهەمهێنان بەکاردێت، زۆربەی کارمەندانی ئەم کارگانە بیانین، بۆ ماوەی ١٠ساڵ باج نادەن، ئەبێ ئێمە بپرسین کردنەوەی ئەم کارگانە سودی چیە بۆ حکومەتی هەرێم و دانیشتوانی ئەم هەرێمە؟!! جگە لە پیسکردنی ژینگەی هەرێم هیچ سودێکیان نیە.

خ- بۆ سنوردانان بۆ دەسدرێژی بۆ سەر زەوی دەوڵەت پەلەبکرێت لە پەسەنکردنی یاسای رێگری لە زیادەرۆیی کە ٥ مانگە لە پارلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و بە بیانوی وەرگرتنی رای ئەنجومەنی شورا پارلەمان ناردی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

د- پاش پەسەندکردنی یاسای زیادەرۆیی و کەوتنە بواری جێبەجێکردن ، دەسبکرێت بە دەرکردنی یاسایەک (پرۆژەیەک لەم بارەوە لای ئێمە ئامادەیە) بە مەبەستی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی دەسدرێژیان کردوەتە سەر زەوی و موڵکی دەوڵەت لە سنوری شارەوانیەکان و لە دەرەوەی سنوری شارەوانیەکان.

## پرۆژە خزمەتگوزارییەکان

لە رابوردا زۆربەی پرۆژەکان بە بێ بەرنامە و پلانێکی تۆکمە جێبەجێکراوە و لەسەر ویستی کەسانی دەسرۆیشتوو و بەهۆی نە شارەزایی بەرپرسەکان و کەم ئەزمونی ئەندازیار و سەرۆک شارەوانی و بەرێوەبەری فەرمانگەکان و سەرۆکی یەکە ئیداریەکان

**بۆیە من پێشنیاز ئەکەم کە:**

١- لەمەودوا هیچ پرۆژەیەک بڕیاری لەسەر نەدرێت و نەکەوێتە بواری جێبەجێکردن تا بەم قۆناغانەدا نەڕوات(بیۆکەی پرۆژەکە-دیراسەی سەرەتایی-کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی-روپێو-کۆکردنەوەی داتای پێویست بە پرۆژەکەو ناوچەکە- سودی ئابوری (الجدوی الاقتصادیە)-دیزاین دەرخستە- دابینکردنی بودجە- بڕیاری کۆتایی-پرۆسەی تەندەرینگ و سپاردن – دەسپێکردن). پێویستە هەموو ئەم زانیاریانە لە دۆسیەی پرۆژەکەدا پارێزراو بێت و بڕیاردەرانی بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرن.

٢- هیچ پرۆژەیک نەدرێت بە هیچ کۆمپانیایەک بەبێ پرۆسەی تەندەرینگ بە رێگای کەمکردنەوەی نهێنی یان بانگهێشتی راستەوخۆ بۆ چەند کۆمپانیایەک کە کەمتر نەبێت لە ٥ کۆمپانیا و نابێت راستەخۆ هیچ پرۆژەیەک بدرێت بە هیچ کۆمپانیایەک (وەک ئەوەی بۆ چەند پرۆژەیەک کراوە بۆ نمونە پرۆژەی ئاوی دەربەدیخان بۆ کۆمپانیای ئۆهیتانی تورکی، پرۆژەی دروستکردنی ١٠٠٠ یەکەی نیشتەجێ بۆ مامۆستایان لە سلێمانی بۆ کۆمپانیای رەسەن... هتد.

٣- گرنگی بە پرۆژەکانی ژێرخانی (البنیە التحتیە) بدرێت وەک پرۆژەکانی ئاو، ئاوەڕۆ، پاکژکردنەوەی ئاوی پیس، کارەبا، سوتەمەنی، جادەوبان.

٤- زیادکردنی ماوەی بۆ چاکسازی بینا لە یەک ساڵەوە بۆ دوو ساڵ و بۆ رێگاوبان بۆ سێ ساڵ و زیادکردنی (تامینات) لە ٥% ی کۆی تێچونی پرۆژەکە بۆ ١٠% و نەگەڕانەوەی ئەو گوژمە پارەیە تا تەوابونی ماوەی چاکسازی (مدە الصیانە).

٥- دروستکردنی رێگا سەرەکیەکانی نێوان پارێزگاکان و رێگای خاڵە سنوریەکان چاکسازی رۆژانەی رێگاکان بدرێتە وەبەرهێنەرەکان حکومەت تەنها ٣٠% لە ئەستۆ بگرێت، وەبەرهێنەرەکە کرێی بەکارهێنانی جادەکە لە خاوەن ئۆتۆمبێلەکان وەربگرێت. لە زۆربەی وولاتانی دونیا جادە و پردەکان بەم شێوەیە دروستدەکرێن و چاکسازی رۆژانەیان بۆ دەستەبەرکراوە، لە ئێران بە وەرگرتنی ئەم جۆرە باجە لە ئۆتۆمبێلەکان دەوترێ (عوارض) پارەیەکی هێندە کەمە بە خاوەن ئۆتۆمبێلەکانەوە دیار نیە و کوالیتی جادەکەش نایابە. ئەم بیرۆکەیە بە یاسا رێکدەخرێت و مافی گشتی و مافی بەکاهێنەر و وەبەرهێنەریش دیاریدەکرێت.

ئابوری تەواوی هەیە و ئەکرێت وەبەرهێنەرەکان دەستی بۆ ببەن بە مەرجێ حکومەت گاز بە فرۆشتن بۆ دابین بکات.

د- رۆژانی ٣٢٠٠٠٠ بەرمیل نەوت بەهۆی تانکەرەوە دەفرۆشرێت، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو برە نەوتەی کە بە تانکەر ئەفرشرێت بە پالاوگەکان و بۆ دەرەوەی هەرێم وەک ئەو نەوتەی بە لولە دەفرۆشرێت و پارەکەی برژێتە سندوقی داهاتە نەوتیەکان و تەنها وەزارەتی دارایی مافی خەرجی هەبێت.

ژ- گشت خەرج و داهاتەکانی نەوت ئاشکرا بکرێت بە شێوەیەک هەموو ئەندامانی پارلەمان بتوانن پێی بگەن و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بە شێوەیەک بێت کە لەسەر سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی بڵاوبکرێتەوە یان لەسەر سایتی کۆمپانیای کۆمۆ بۆ فرۆشتنی نەوت ئاشکرا بکرێت.

ر- جگە لە وەزیری دارایی هیچ کەس مافی خەرجکردنی داهاتی هەرێمی نەبێت.

## هێزە چەکدارەکان: پێشمەرگە، ناوخۆ، ئاسایش

هەرچەندە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم و وەزیری پێشمەرگە و ناوخۆ وا بانگەشە دەکەن کە هێزە چەکدارەکانی هەرێم یەکیانگرتوەتەوە و لە ژێر یەک چەتردا کاردەکەن، بەڵام دوو بەرەیی و دوو هێزی چەکدار و بە دوو ڕێنمایی و دوو دیسپلینی جیاوازەوە وەک رۆژی رون دیارە پێویست بە شاردنەوە ناکات، تا ئێستاش بە هیچ جۆرێ ژمارەی هێزە چەکدارەکان رون نیە و هەر لایەنێک بۆ خۆی ژمارەیەک ئەدا، ژمارەیەکی زۆر مووچەخۆر هەیە بەناوی پێشمەرگە، بەڵام لە واقیعدا ئەو ژمارەیە نیە، ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ناوخۆ لەژێر بە پاساوی جۆراوجۆر بونەتە پاسەوانی بەرپرسەکان و باخ و ڤیلا و بەرژەوەندیەکانیان، هەندێ بەرپرس کە خانەنشینبوون کوڕ و برا و کورەزاکانیان بە ناوی پاسەوان لای خۆیان دامەزراندوە، ئەوەی بەرپرسەکان زۆر بە رونی دیارە بەڵام ئەوەی دیارنیە، ئەم جۆرە نمونەیەیە، کەسێک لە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی حیزبی بۆ ماوەی ٤ ساڵ کاریکردوە بەڵام بە پلەیەکی بەرز و بە مووچەی یەک ملیۆن دینار خانەنشینکراوە و کورەکەشی وەک پاسەوانی تایبەتی خۆی بۆ دانراوە بە مووچەی ٨٥٠٠٠٠ دینار، وەزیر هەیە ١٠ پاسەوانی هەیە بەڵام وەزیر هەیە ١٠٠ یان زیار پاسەوانی هەیە و ئەمە بۆ پۆستە باڵاکانی دیش راستە بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پێشمەرگە و ناوخۆ بە جدی چاکسازی لەم بوارەدا بکەن و بە شێوەیەک ئەرک و فەرمانەکان دیاریبکەن کە دادپەروەرانە بێت:

أ- ئامارکردنی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و پۆلیس و زێرەڤانی و وەرگرتنی ناوی چواری تەواویان، بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستاندا ئێستا ٤٢٢٠٠٠ کەس

جێگای داخە ئێستا ڕووبەرێکی فراوان لە زەوی بە پیتی کوردستان دوورە لە دەستی کار و هیچ بەرهەمێکی لێ وەبەرنایەت و زۆربەی پێداویستیە کشتوکاڵیەکانی ئەم هەرێمە لە دەرەوی هەرێم هاوردە دەکرێت، لە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی ۲۰۰۳ وە بە شێوەیەکی بەرچاو گوندەکانی کوردستان ڕوو لە چۆڵبوونە و دانیشتوانەکانی ڕوو لە شارەکان دەکەن و بەپێی دوایین زانیاری ڕێژەی گوند نشین لەچاو شار نشین ۱۰% یە بۆ ۹۰% و ئەمەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە و هەرێمی کوردستان بەرەو هەرێمێکی مووچەخۆری بێبەرهەم دەچێ و ناکرێت هیچ لەبەردەم ئەم مەترسیەدا بێدەنگبێت و پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی گونجاویان هەبێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی چاکسازی لەم بوارەدا ئەم پێشنیازانە ئەخەمە بەردەستتان:

أ- ڕێکخستنەوەی پەیکەری ئیداری وەزارەتی کشتوکاڵ.

ب- گرنگیدان بە ناوەندەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی (مراكز الابحاث).

ت- گرنگیدان بە پیشەسازیە خواردنیەکان (الصناعات الغذائيه).

پ- دروستکردنی بەنداوی گەورە و پۆند لە هەر شوێنێک گونجاو بێت لە سنوری هەرێمدا.

ج- گرنگیدان بە ئاوەدانی گوندەکان و پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیەک بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانی و پەرەپێدانی گوندەکانی کوردستان و لە هەموو گوندێک فەرمانگەیەکی بچوک هەبێت بەناوی (گوندیاری) و بەرپرسێکی هەبێت خەڵکی گوندەکە یان ناوچەکە بێت بەناوی (گوندیار) دەرچوی پەیمانگا کەمتر نەبێت وەک ئەوەی لە ئێران هەیە بە ناوی (دهیار) و فەرمانگەکەش پێی دەوترێ (دهیاری) هەموو گوندەوانیەکان پەیوەست دەبن بە فەرمانگەیەک لە ناحیە یان قەزا و فەرمانگەی قەزاکانیش بە بەڕیوەبەرایەتی پارێزگاکان و بەڕیوەبەرایەتی پارێزگاکانیش بە بەڕیوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدان و ئاوەدانی گوندەکان لە هەولێر و ئەویش بە وەزارەتەوە، ئەرک فەرمانەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە و بەشەکانی بە یاسا ڕێکدەخرێ و تایبەتمەندی گوندیش دیاری دەکرێت و چ گوندێک شیاوی گوندیار بێت بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ح- هاندان و پشتیوانی بەروبومی ناخۆیی وەک گەنم، جۆ، نۆک، تەماتە، خەیار، شووتی، هەنار، ترێ زەیتون... هتد.

خ- هاندانی جوتیاران بۆ چاندنی پەتانە و چەوەندەر لەو شوێنانەی کە گونجاوە بۆ ئەم دوو بەرهەمە.

د- ڕێگە نەدان بە هاوردەکردنی بەرهەمە هاوشێوەکانی وەبەهاتوو لە هەرێمدا بە هەمانگی لەگەڵ یەکیەتی جوتیاراندا.

ژ- دروستکردنی ئەمباری ساردکەرەوە لە شوێنە جیاکانی هەرێمدا بە مەبەستی پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان و هەرزانفرۆش نەکردنیان.

تەندروستی نیە، خزمەتگوزاریەکی باش بەڵام بە سستمێکی لاواز لە کەرتی گشتی پێشکەش دەکرێت بە هاولاتیانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم تەنانەت لە خوار و ناوەڕاستی عێراق و دەرەوەی عێراق وەک (شوێنی مانەوەی نەخۆش، دەرمان، ڕۆنین، نەشتەرگەری، گرتنی تیشک... هتد) بەبێ بەرامبەر یان بە نرخێکی زۆر کەم لە کاتێکدا خەرجێکی زۆر لەسەر وەزارەتی تەندروستی دەکەوێت. تەنها بۆ ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ خەرجی وەزارەتەکە ٨٥١ و ٧٦١ ملیار دینار بووە. ژمارەی سەرجەم کارمەندانی ئەو وەزارەتە ٥٢ هەزار کارمەندە. لەم ژمارەیەش ٧٥٦٥ پزیشکن وە بەم پێیەش هەر ٥٨٥ کەس لە هەرێمی کوردستان یەک پزیشکیان بەر دەکەوێت. جگە لەو کۆمەکە پزیشکییەشی لە بەغداوە دێت.

لە کاتێکدا ئەم خزمەتگوزاریە تەندروستیانە ئەگەر لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت یان دەرەوەی هەرێم بێت بە دەیان ئەوەندە زیاتر دەبێت لەوەی کە لە نەخۆشخانە و کلینیکەکانی کەرتی گشتی هەرێمدا وەردەگیرێ ئەمەش بارگرانیەکی گەورەی لەسەر بودجەی هەرێم دروستکردوە و هاولاتیش نەک هەر هەستی پێناکات بەڵکو گلەیی و گازندەشی هەیە بۆیە زۆر گرنگە، پێداچونەوەی جدی لەم کەرتەشدا بکرێت بەم شێوەیە:

١- جیاکردنەوەی تەندروستی کەرتی گشتی لە کەرتی تایبەت، ڕێگە بە هیچ جۆرە تێکەڵ بونێک نەدرێت مەگەر بۆ بارێکی زۆر نائاسیی.

٢- ڕێگە نەدان بەو کارمەند و پزیشکانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، کار لە نەخۆشخانە و دامەزراوە گشتیەکان بکەن (جگە لە زانکۆ و پەیمانگاکان).

٣- دابینکردنی ژیانی ئەو کارمەند و پزیشکانەی کە لێبڕاو (متفرغ) دەبن بۆ کارکردن لە کەرتی تەندروستی گشتی و بەرزکردنەوەی مووچەکانیان و بە شێوەیەک هاوتا یان نزیکبێت لە هاوشێوەکانیان لە کەرتی تایبەت.

٤- دیاریکردنی گوژمە پارەیەک بۆ ئەوەی لە نەخۆش وەربگیرێت بەهۆی ئەو خزمەتگوزاریە پزیشکیەی کە پێشکەشی دەکرێت وەک (مانەوەی لە نەخۆشخانە، دەرمان، نۆرینی تاقیگەیی، نۆرینی تیشکی... هتد) بە ڕێژەیەک کە بەلای کەمەوی بگاتە ٣٠%ی ئەو پارەیەی لە کەرتی تایبەت نەخۆش ئەیدات بۆ ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانە.

٥- دروستکردنی فەرمانگەی دڵنیایی تەندروستی (دائرە الضمان الصحی) دەسکردن بە وەرگرتنی پارەی دڵنیایی تەندروستی بۆ ئەوەی فەرمانگەی دڵنیایی تەندروستی بچێتە ژێرباری ئەو خەرجەی کە نەخۆش دەیدات بە کەرتی گشتی لە برگەی ٤ی سەرەوە.